کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلەکترۆنی ڕۆژانەی گشتی سەربەخۆی کوردییە
www.kurdistannet.org
بەکاتی ناوەندی ئەوروپا 23:27 2-8-2007

## پەڕینەوە لە غوبار لە فیستیڤاڵی دلهی خەڵاتی تایبەتی وەردەگرێت



لە خولی 9یەمینی فیستیڤاڵی دلهی لە وڵاتی هیندستان فیلمی (پەڕینەوە لە غوبار) توانی خەڵاتی تایبەتی لیژنەی دادوەرانی فیستیڤاڵەکە بەدەست بهێنێت.

شەوکەت ئەمین کورکی لە لێدوانێکی بۆ دەزگا ڕاگەیاندنەکان وتی:" فیلمی پەڕینەوە لە غوبار ڕۆژی 29ی تەمموز کە ڕۆژی دابەشکردنی خەڵاتەکان و کۆتایی فیستیڤاڵی دلهی بوو توانی خەڵاتی تایبەتی لیژنەی دادوەرانی فیستیڤاڵەکە بە دەست بهێنێت".

کورکی دەربارەی ژمارەی فیلمە بەشداربووەکان و بەشی پێشبڕکێی فیستیڤاڵی دلهی گووتی:" لەم فیستیڤاڵەدا ژمارەیەکی زۆری فیلم بەشداریان کرد کە نزیکەی 150 فیلم دەبوو و لە زۆربەی وڵاتانی جیهانەوە هاتبوون، فیلمی پەڕینەوە لە غوبار لە بەشی پیشبڕکێی فیستیڤاڵەکە First Feature Film Compitition لەگەڵ 9 فیلمی دیکە بەشداربوو کە لە وڵاتی جیا جیاوە هاتبوون".

هەروەها دەرهێنەری پەڕینەوە لە غوبار دەربارەی گرنگی فیستیڤاڵی دلهی سەبارەت بە کیشوەری ئاسیا وتی:" فیستیڤاڵی دلهی بە گرنگترین فیستیڤاڵی وڵاتی هیندستان دەژمێردرێت و یەکێکە لە باشترین فیستیڤاڵەکانی کیشوەری ئاسیا چونکە لە زۆربەی وڵاتانی جیهانەوە فیلمەکان بەشداری تێدا دەکەن و بۆ ئەم ساڵیش فیستیڤاڵەکە بە ئاستێکی بەرز بەڕێوەچوو".



فیستیڤاڵی دلهی لە شاری نیودلهی پایتەختی وڵاتی هیندستان بەڕێوە دەچێت و ساڵانە لە ماوەی نێوان 20ی مانگی تەمموز تاوەکو 29ی هەمان مانگ دەخایێنێت و بۆ ئەم ساڵیش تەمەنی 9یەمین خولی خۆی بە کۆتا هێنا.

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.